# (کامۆ) له (کۆمبا)دا..



**و/هێمن مەحمود**

رەخنەگری ئەمریکی (دایڤید کارۆڵ)ی تایبەتمەند بە بارودۆخی ئەدەبی فەرەنسی،لە تازەترین کتێبی خۆیدا بەناوی(کامۆ لە کۆمبا...نوسینە رۆژنامەوانییەکانی لەساڵانی 1944-1947)دا وێنەیەکی دیاریکراومان لەسەر فیکری (ئەلبێر کامۆ) و خەباتە سیاسیەکەی لە کاتی جەنگی جیهانی دوهەمدا دەداتێ.

لەواقعیشدا کامۆ هەر بەتەنها رۆماننوس وفەیلەسوف نەبوو،بەڵکو نوسەرێکی سیاسیش بوو،و وەك هاوڕێیەکەشی(سارتەر) بەتەنگ مەسەلە وکێشەکانی سەردەمەکەی خۆی بوو.

بە مانایەکی دیکە کامۆ رۆژنامەنوسیشبوو هەروەك رۆژنامەنوسەکان رۆژ لەدوای رۆژ لەسەر رووداوەکانی دەنوسی،وشەی (کۆمبا)بەزمانی فەرەنسی یانی (خەبات) لەواقیعیشدا دامەزرێنەرانی مەبەستیان لەخەباتکردن بوو لەدژی داگیرکاری ئەڵمانی،کامۆش لەسەرەتادا بێ ئەوەی ناوی خۆی بڵاوبکاتەوە بەدزییەوە ووتاری دەنوسی،چونکە ئەڵمانییەکان بەدوای نوسەرانی ئەو رۆژنامەیەدا دەگەڕان.

لە نێو ئەو وتارە بەناوبانگانەشدا کە ئەوکات نوسینی (نامەیەك بۆ هاوڕێ ئەڵمانییەکە) بو کە تیایدا بیروڕای خۆی سەبارەت بە ململانێی مێژوویی لە نێوان فەرەنسییەکان وئەڵمانییەکان دەخاتە روو و دڵتەنگی خۆشی بۆ ئەوە دەردەبڕێت کە دوژمنایەتی نێوان ئەم دوو گەلە گەشتۆتە ئەو رادەیە.

نوسەر دەنوسێت:

لەساڵی 1944 لەرێگای رەخنەگرێکەوە بەناوی (باسکال بیا)،کامۆ لە ژێر ناوێکی خوازراودا دەڕواتە بەرگری نهێنی یەوە،لە هەمانکاتیشدا وتارەکانی بۆ رۆژنامەکە دەنوسی.

هەروەها لە وتارە بەناوبانگەکانی دیکەشی (بۆ روبەروبونەوەی جەنگێکی گشتگیر هیچ چارەسەرێك نیە جگە لە روبەروبونەوەیەکی گشتگیر).

ئەمەش بەو مانایە دێت کە کامۆ لەلایەنگرانی خەباتی دژی نازییەکانە،بەپێچەوانەی زۆر نوسەری دیکەوە کە یان بێدەنگیان هەڵبژارد یاخود هاوکاری نازییەکانیان دەکرد.

دواتر خاوەنی (بێگانە) و(تاعون) و(ئەفسانەی سیزیف) وتارێکی دیکەی بەناونیشانی (بەدرێژی سێ کاتژمێر تەقەیان لەفەرەنسییەکان کرد)نوسی.

ئەم وتارەش وتارێکی حەماسی گڕگرتووبوو باسی لە سزای ئەڵمانییەکان دەکرد لەدژی خەڵکانی گوندێکی

فەرەنسیدا و بە بەرچاوی خەڵکەکەوە 86 پیاو لەسێدارە دەدەن.

تاکە بیانوش بۆ ئەمە ئەوەبو ئەم پیاوانە ویستویانە هێڵی شەمەندەفەرێك بتەقێننەوە کە هێزەکانی ئەڵمانیا بۆ گواستنەوەی کەلوپەلی سەربازی وسەرباز بەکاریان هێناوە.

لەو کاتەدا بۆ یەکەمجار (کامۆ)، سارتەر ولویس ئەراگۆن وئیلیزای ژنی وفەرەنسیس بونج و کۆمەڵێکی دیکەی ناسی کە دواتر شوێنێکی شایستەیان دەبێت لەئەدەبی فەرەنسیدا.

لەواقعیشدا چەند هەفتەیەك بەر لەئازادکردنی پاریس لەلایەن ژەنەراڵ (دیگۆل)ەوە ،ئەڵمانییەکان دەیەها کەسایەتی فەرەنسییان دەستگیرکرد،لەنێو ئەوانەشدا کە دەبوو دەستگیربکرێت کامۆ بو بەڵام هەندێ لە هاورێیەکانی ئاگادارییان کرد وئەویش خۆی شاردەوە وچیتر ئێواران نەدەگەرایەوە ماڵەوە وەك جاران.

بەپاسکیلێك لەگەڵ (میشێل گالیمار)ی هاورێیدا کە ساڵی 1960یش بەروداوێکی ئۆتۆمبیل هەردوکیان پێکەوە دەمرن،هەڵدێت.

کامۆ لەدەزگای (گالیمار) وەك خوێنەرێك یاخود وردبینێك کە بەدەستنوسەکاندا دەرۆشتەوە دامەزرا،ئەمە جگە لە رۆژنامەنوسییەکەشی،ئیدی لەوکاتەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ (میشێل) و خێزانە دەوڵەمەندەکەیدا پتربوو.

دوای ئازادکردنی پاریس و ئاسایبونەوەی بارودۆخەکە،ئەمجارە کامۆ بەئاشکرایی وبێ هیچ خۆشاردنەوەیەك گەرایەوە بۆ رۆژنامەکەی و بەشایەتی هەموانیش ئەم رۆژنامەیە لەو کاتەدا یەکێك بوو لەباشترین رۆژنامەکان ئەگەر باشترینیان نەبێت.

ناوبانگیشی بەشێوەیەك زیادیکرد کە گەورە نوسەرانی فەرەنسا بەتاسەوە سەردانی بارەگاکەیان دەکرد و وتارەکانی خۆیان بۆ دەنارد،وەك (سارتەر،سیمۆن دو بۆڤوار،ئەندرییە مالرۆ،میشێل بیریس،بەرنانوس ،باتای،هتد..).

دواتر نوسەر دەنوسێت:

کامۆ لەسەر وتارێکی گرنگدا دەنوسێ"ئێستا وپاش ئەوەی ئازادبووین وهەموو پێویستییەکانی کاری رۆژنامەوانیمان لەبەردەستدایە،لێپرسراوێتیەکەمان لەبەرامبەر وڵاتەکەمان گەورەتربوە،دەبێت ئەم رۆژنامەیە خەمەکانی فەرەنسا ودەنگە میللی ومرۆڤانە قوڵەکەی گەلی فەرەنسا بخاتە روو،وە ئەگەر توانیمان وەها لەم رۆژنامەیە بکەین لەبری دەنگی رق وتۆڵەسەندنەوە دەنگی حەقیقەت وحەیەوییەت بێت ئەوا ئەرکەکانی خۆمان جێبەجێکردوە،دەنگی مەوزعییەت بێت لەبری رێکخستنی ووشە.

کامۆ لەسەر وتارێکی دیکەدا بەناوی(رۆژنامەگەریی رەخنەیی)رەخنە لەرۆژنامەگەری دەگرێت ،چونکە هەواڵەکان دەگوازێتەوە بێ هیچ رەخنەیەك یاخود لێکۆڵینەوەیەکی وورد،هەموو خەمیشی ئەوەی کە پێش ئەوانی دیکە بکەوێت لە گواستنەوەی هەواڵێکی تازە یان کتوپردا،بەڵام بەبروای کامۆ ئەرکێکی سەرەکی کە بکەوێتە سەرشانی رۆژنامەیەکی سەرکەوتو ولێپرسراو وتنی راستیە بۆ یەکەمجار وبەر لەهەموو شتێك.

دەبێت ئێمە راستی بگوازینەوە بۆ مرۆڤەکان بۆ ئەوەی بارودۆخی خۆیان بەچاکی بزانن ولەسەر ئەم

بنەمایە رەفتاربکەن.

نوسەر دەنوسێت:

لەواقیعدا وتنی حەقیقەت لەلای کامۆ هەموجار خەمی سەرەکی بوو،بۆ ئەمەش (سیمۆن دوبۆڤوار) لەکتێبەکەی خۆیدا (قوە الاشیاو مرتین) دەنوسێت"هەمووجار کامۆ جەختی لەسەر بابەتێك دەکردەوە وپێوەی مەشغولبوو"و هەموجاریش دەیوت"دەبێت رۆژێك لە رۆژان حەقیقەت بنوسینەوە"

ئەمەش بەو مانایەدێت کە ئەم نوسەرە نوسەرێکی رەسەن وحەقیقەتخوازە.

لە رۆژێك لە رۆژەکاندا وکاتێك لەگەڵ سارتەردا زۆر دەخۆنەوە هاواردەکات :

ئاه،خۆزگە بمانتوانیبایە حەقیقەتمان بوتایە!

کامۆ زۆرجار رەخنەشی لەو رۆژنامەنوسانە دەگرت کە رەخنەلە خۆیان ناگرن، لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە وریێزی حەقیقەتیش لەنوسینەکانیاندا ناگرن.

بەڵکو هەموو خەمی سەرەکییان رازیکردنی لایەکە.

داواشی لەهەموانکرد (سەرەتا لەخۆیەوە) کە ماوە ماوە رەخنە لەخۆیان بگرن،چونکە مرۆڤ ناتوانێت بەرەوپێشەوە بروات ئەگەر بەم رێگایەدا نەڕوات چونکە زەرورییە.

کامۆ داینەمۆی ئەم رۆژنامەیە بوو،سەرچاوەیەکیش بوە بۆ رۆژنامەنوسەکانی دیکە ئەویش بەهۆی هێزی کەسایەتی وبلیمەتی ولێهاتویەکەیەوە.

زۆر گەشبینیشبوو چونکە نازییەت هەرەسیهێنابوو،وە فەرەنساش ئازادکرابوو،بەڵام کتوپڕ نائومێدییەکی رەش دایگرت،ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەمەریکا بۆ یەکەمجار بۆمبی ئەتۆمی لەهێرۆشیما بەکارهێنا وسەدان هەزار کەسی کوشت،ئەو رۆژە نوسی:

شارستانیەتی میکانیکی یاخود تەکنەلۆژی بەم کارەی گەشتۆتە بەرزترین پلەی وەحشییەت وهەمەجییەت،لەداهاتوییەکی زۆر نزیکیشدا دەبێت لەنێوان خۆکوشتنێکی بە کۆمەڵی مرۆڤایەتی وبەکارهێنانێکی زیرەکانە و ئاقلانەی تەکنەلۆژیای پێشکەوتو یەکێکیان هەڵبژێرین.

بەدرێژایی ژیانی داهاتوشی کامۆ داوای ئاشتی لەنێوان گەلاندا دەکرد چونکە هەربەتەنها ئەوە چارەسەرە لەبری بەربەرییەت وسڕینەوەی تەواوەتی هەموو بەشەرییەت.

دواتر کامۆ وازی لە لیژنەی نیشتمانی نوسەرانی فەرەنسا ئەوەی کە ئێستا بە یەکێتی نوسەران ناودەبرێت،هۆیەکەش ئەوەبوو کە ناڕازیبوو لەو بارودۆخەی دوای رزگاری،چونکە زۆرێك دەیانویست تۆڵە لەنەیارەکانیان بکەنەوە ئەویش لەرێگای تۆمەتی هاوکاریکردنی ئەڵمانیاوە.

ئەم تۆمەتەش لەوکاتی فەرەنسادا تۆمەتێکی ترسناکبوو دەبووە مایەی ئازار بۆ خاوەنەکەی،لەجارێك لە جارەکانیشدا کامۆ رۆشت بۆ دادگایکردنی یەکێك لەوانەی کە دەستی تێکەڵاوکردبو لەگەڵ داگیرکەراندا.

بەڵام نەیتوانی تاوەکو جەلسەکە تەواودەبێت دابنیشێت سەرەڕای بڕوای تەواوەتیشی بەڕەوایی تۆمەتەکە،بۆچی ؟چونکە نەیدەتوانی سەیری ئەو ئازارە بکات کەلەسەر روومەتی تۆمەتبارەکە

دیاربوو،دەنوسێت:

لەناوەوەی هەموو تۆمەتبارێکدا شتێك لەبێتاوانی هەیە،من دژی سزای لەسێدارەدانم،چونکە هەندێ بۆیە هاوکاری داگیرکەرانیان کردووە زۆریان لێکراوە ونابێت بەمردن سزایان بدەین،دواتریش من ناتوانم رقم بەرامبەر دوژمنەکانم هەبێت!ئەوان لەدووایین خاڵدا مرۆڤن،و کەسی نزیك وخۆشەویستییان هەیە ومن ناتوانم لێپرسراوی ئیدانەکردنییان بم،ئەمە لەتوانای من بەدەرە.

کامۆ ئەوەشی سەلماند کە مرۆڤێکە رەنگە هەر لەبەرئەم هۆیەش بێت ژیانی زۆر درێژ نەبووبێت،ئەو دوای ئەوەی خەڵاتی نۆبڵی وەدەستهێنا وتەمەنی لەچل وحەوتساڵی تێنەپەڕیبوو بە رووداوی ئۆتۆمبیل لەگەرمەی گەنجێتی وداهێناندا مرد.

سەرچاوە/

سایتی البیان الکتب